# مەینەتی "ئەڵتاشنشینەکان" کەی دەبڕێتەوە

ناسر ئەمیننژاد

دەیان هەزار ئینسان زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ لەوە پێش کەوتنە بەر لافاوی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئێران و عێراق. ئەمانە نەویست لە ماڵ و زێدی خۆیان هەڵکەندران و هەلوەدای ژیانێکی نادیار کران. ژمارەیەکی هەرە بەرچاویان لە ئۆردوگایەک بە ناوی ئەڵتاش، لە نزیک شاری رومادییە گیرسانەوە.

بارودۆخی ژیانی تاڵی ئەم مەینەتدیتوانە لە گێڕانەوە نایەت. قەڵەمێکی بەهێز و بیرێکی تیژی دەوێ بیخاتە سەر کاغز و لە مێژووی رەنج و ئازاری ئینسانەکان و دنیای بێبەزەییەتی و زۆرداریدا تۆماری بکات...

ئەم مرۆڤە لە بیرکراوانە گەلێکیان تاڵی و ناخۆشی چێشت. خۆشی داتەپینی رژیمی بەعسیان لە دڵدا گەڕا و هەلاتهەلاتی پاش روخانی ئەو رژیمەشیان بەرکەوت.

ئۆردوگای ئەلتاش هەڵگیرا، بەڵام زۆرێکی ئەڵتاشنشینەکان جێ سانەوەیەکیان دەست نەکەوت و هەر وا دەستەملانی ئاوارەیی و پەڕیوەیی مانەوە.

ئەمانە ڕاپێچی "ئەلکرامە" لە سنوری ئوردۆن و پاشان کەمپەکانی ناو ئوردۆن کران و جارێکیدیکە لەسەر دەشتی رەقەن و پڕ شۆڕەکات و ڕملاوی خێوتیان داکوتایەوە و لە هەموو خۆشی و بەشارەتەکانی ئەم دنیایەدا هەر ڕمڵ و کەویر و ئاوی سوێریان پێبڕایەوە. گەلێکییشیان بە نەداری و هەژاری ژیانێکی دیکەیان لە کوردستان دەسپێکردەوە.

ماوەیەک لەمەو پێش هەواڵی دڵتەزێنی "مردنی بە کۆمەڵی" ماڵێکی ئاوارەی هەشت سەر خێزانی - پێشتر ئەڵتاش نشین - م دیت. هەر لەو دەمانەشدا دەنگی "فریا کەون"ی ژمارەیەکی ئەڵتاش نشینی ناو ئوردۆنیشم بەر گوێ کەوت، کە لە سایتەکاندا بڵاو کرابوەوە. ئەوانە بۆ جاری هەزارەم داوایان لە ویژدانی کەڕ و کوێری و نووستووی مرۆڤایەتی دەکرد کە ئاوڕێکیان لێ بدەنەوە.

ئەم هەواڵە پڕئازارە و دیمەنی ئەو "گەلەمەرگە" بەژانە بەرەو ئوردوگای ئەڵتاشیان بردمەوە، کە دوو سێ جار میوانی ماڵەکانیان بووم و لە نزیکەوە دەشتی شۆرەکات و ژیانی رەق و سەختی بێ ئەوپەڕی ئەوێم دیتبوو کە ئاوقای یەکتر ببوون.

شەش ساڵێک لەومەو بەر سەرچڵێکی ئەو دیمەنانەم هێنابووە سەر کاغز، کە قەت لەبەر چاوم ون نابن. بە یادی ئەو ئازیزانەی کە میوانداریان لێ کردین بڵاوی دەکەمەوە.

جگە لە نفرەت و بێزاری لە رووی ئەو دەسەڵاتانەی کە نایانەوێ ئاوڕیک لەو مەینەتبارانە بدەنەوە، هیچم پێ نییە.

هیوامە هەرچی زووتر ژیانی نائارامی ئەو ئازیزانە لە ڕۆخێکی ئارامدا ئۆقرە بگرێ.

# مەرگەساتەکانی ژیان لە ئەلتاش

"ئەلتاش" ناوی یەکێک لەو ئۆردوگایانەیە کە لە سەرەتای ساڵەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، لە دەوروبەری شاری "رومادیە" بە مەبەستی جێگیرکردنی ئاوارەکانی شەر دامەزرا. "ئەلتاش" لە گەرمەی شەر هەتا قەیرانی کەنداو نزیکەی پەنجا هەزار کەسی لە خۆ گرتبوو. زوربەی هەرەزوری

ئەمانە لە دانیشتوانی شوێن و ناوچە کوردنشینەکانی سەر سنوور لەوانە: شائاباد، کەرەند، قەسری شیرین، سەرپێڵ، سەلاسی باوەجانی، میهران و ساڵح ئاوا و... پێکهاتبوون.
ئەم خەڵکانە کەسانێک بوون کە هەر لە هەمان رۆژەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شەر، شوێن و ناوچە و شار و گوندەکانیان داگیر کران و پاشان ورد و درشت و پیر و گەنج و ئەوەی لە بەر دەستدا بوون، تێکرا بە زیل و سەیارەی ئەرتەشی بەرەو ئۆردوگاکان و لەوانەش ئوردوگای "ئەلتاش" لە "رومادیە" راپێچکران. ئەمانە لە ریزی یەکەم قوربانییەکانی ئەم شەرە کاولکارانەیە بوون، کە هەر لە هەمان روژەکانی دەسپێک و چەخماخەی یەکەم کەوتنە بەر لرفەی سێلاوی بە گوژم و بێ بەزەیی ئەم شەرە بێ ئاکامە. ئەمانە لە چاو تروکاندنێکدا ماڵ و ژیان و بەروبووی ساڵانی هەوڵ و ماندووبوونی بێوچانیان هەڵلوشرا، خوشەویستەکانیان سەری نامرادییان نایەوە، جەمسەر و مەکۆی خاووخیزانییان بە هوی پشیوی و لێکهەڵبران و سەرلێشیواویەکانی کوتوپری و چاوەرواننەکراو هەڵتەکێندرا. ئەمانە بە کەمترین ئیمکاناتی لەبەردەست، بە وێنەی کاروان و شەپۆلێکی مرۆیی، بە دەرد و ژانێکی هاوبەش و برینێکی وەک یەک، بەژان و تەشەنەدار، بەرەو چارەنووسێکی تاڵ و نادیار بەرێکران. ئەمانە لە سۆنگەی زۆرە ملیانەی شەرێکی نەویست و ئاوسارپساو، کە نە دەستێکیان لە هەڵگیرساندنیدا هەبوو، نە دەشیانتوانی لاسەنگییەک لە تەرازویدا پێکبهێنن، لە زێد و بناوانی خویان هەڵکێشران و بە پێچەوانەی حەز و ویستی خویان بە بێ ریشە لە وڵاتێکی دیکە، نامۆ و رەقەن، دەستنێژ کران.
"ئەلتاش"یەکان  بە درێژایی ساڵانی شەر بە هەستەوە چاویان لە دەلاقەی ئاشتی و کۆتایی نەهامەتی بریبوو، چاوەروان بوون کەی و چ کات گرمەی فروکە و ناڵەی تۆپ و ویزەی گوللە دەبرێتەوە و کەنگێ هەوری رەش و شومی  شەر دەرەوێتەوە. بەمجورە هەشت ساڵی رەبەقیان لە میانەی تێلدرووەکان و گێژەڵۆکە و تەپ و توزی وڵاتی وشک و قاقری "رومادیە"، لە پەنا کۆت و کەوێڵێکی ماڵ ئاسایی بە کوێرە هیوایەک بە دەربازبوو بوون لە کڵۆلی و مەینەتی، ئەویش لە خرابترین و نزمترین هەلومەرجی شیاوی ئینسانیدا، بردە سەر.
کاتێک دەنگوباسی پێملبونی ئێران بە ئاگربەس بڵاوکرایەوە، کاتێ بیسترا "خومەینی" بە پێچەوانەی مەیلی خوی پیاڵۆکەی ژاری ئاگربەستی هەڵقوراندووە، ئیتر تروسکاییەکی هێواش رووی لە "ئەلتاش"، لە ناو ئاپۆرەیەکی شەکەت و ماندوو و دەرپەرێندراوی زەبری شەر کرد، کە هەشت ساڵی رەبەقیان بە تەمای ئەو رۆژە و بیستنی ئەو هەواڵە تێپەراندبوو. ئێستا ئیتر سۆمای چاوەکان سیلەیان لە دەروازەی داخراوی "ئەلتاش" گرتبوو، ها کەی و چ کات تاقم و گروپەکانی "مافی مروڤ" و "مانگی سوور" قوفڵە ژەنگاویەکانی ئوردوگا دەکەنەوە و گۆرانێک لە چارەنووسی تاڵی ئەم مەینەت چەشتووانە پێکدەهێنن. بەڵام تومەز چاوەشەکانی شەر و بە تایبەت دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، کە مرخیان لە داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی، بۆ قوتارکردنی ئومەتی موسڵمان لە چنگی کفرخوش کردبوو!! وایان موقەدەر دیتبوو کە ئەم کۆچ و کۆچبارە پر مەینەتییە هەر بەردەوام بێت و ئەم شارۆچکە نامۆ و کەس نەناسە لە ژێر دارمانی رەوەزی مێژوودا بنێژرێت. کەسێک نەبو ئاورێکیان لێ بداتەوە، کەسێک نەبوو گوێ لە داوای رەوایان بگرێ و سەرنجیان بداتێ. عێراق ئەمانەی بە میوانانێک ناو دەبرد کە دەتوانن بگەرێنەوە وڵاتی خویان، داموودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیش وەک هەڵاتووانی

شەر رووەو دوژمن هەڵی دەسەنگاندن. بەمجۆرە ماڵ لە ماڵەخێو حەرام کرا و بەم رەنگە رۆژگار هەروا لە سۆنگەی ئەم نامرۆ و دڵبەرازانە بە تفت و تاڵی مایەوە و  و بە کاوەخو دەسوورا.

ساڵانێکی دیکەش تێپەرین، بە دەستپێکردنی مەتەڵی کویت و پاشان شەری کەنداو کۆتەرە هیوایەکیش کە ئەگەر مابوو لە ژێر تەمتومان و هەرای "توفانی سەحرا" بە تەواوی بزر بوو. سەرباری ئەوەش بە دەستپێکردنی ئابلۆقەی ئابوریی عێراق، ئەو دڵۆپە برستەی لە ئەوکیان دەکرا هەتا وەک خەڵکانی "بیافرا"یی نەژین خۆی لە کەمیدا و مەینەتییەکان روویان لە زیاد بوون کرد. بەشێک لەم خەڵکە وەگیان هاتووە لە گەرماوگەرمی شەری یەککرتووەکان لە دژی سپای عێراق و پاش لێکترازانی کونترۆڵەکان و کزبوونی رایەڵەکانی چاوەدێری، شەوەکی بە پیتکەیەک کەوێڵە قورینەکانیان تێکرماند و بە کۆڵەبارێک لە رەنج و بیرەوەری تاڵ، بە هیوای وەچنگ خستنی جێ سانەوەیەک، چارۆکەی چارەنووسی بۆ دیاری کراویان توورِ هەڵدا و تێل درووەکانیان هەڵبری و هەرکام بە لایەکدا رێگەی "هەڵەموت"یان گرتە بەر. بەمجۆرە بەشێکیان خۆیان بڵاوە پێکرد، هەتا لەم دنیای پەست و بێ بەزەییەتیەدا بنەدارێک و بستە سێبەرێک بۆ پاڵپێوەدان بدۆزنەوە.

ئەوا پتر لە دە ساڵ لە روداوەکانی ئەم دواییانەش تێدەپەرێ، هێشتا "ئەلتاش" لە سەر پێیە، هێشتا ورشەی تێل درووەکان لە ژێر بریقەی تیشکی سوتێنەری دەشتی کاکی بە کاکی چاوان دەشەوارە دەخات و هەزاران مرۆڤی لە گەمارۆی خوی ناوە، هێشتا خاک و خۆڵی شۆرەکاتی "ئەلتاش" وەکی جاران لاسارانە بە نێو بلوق و پێوپلی شەقاربووی منالان و گەنجانی "میوان" تێدەپەرێ و دەیانگەزێ، منالان و گەنجانێک کە نەویست وەک تۆوی هەرزن پەرژێنراون هەتا نەویست چاویان بەم کلۆلییە بپشکوێ، هەتا گۆمی قەوزە گرتووی "ئەلتاش" بە هات و هاواری منالانە و بەسزمانانەی خۆیان بهەژێنن. هێشتا "ئەلتاش" نزیکەی بیست هەزار ئینسانی لە کۆشی سارد و رەق و بێ گیانی خۆی راگرتووە. هێشتاش هەزاران مرۆڤ، گەورە و بچوک لە گەڵ چارە نووسێکی تاڵ و نادیاری ئەم مەینەتخانەیەدا دەستەویەخەن، بە بێ ئەوەی لە دنیای شەپۆلەکان و تیلیکسە هەزار بە هەزارە گرِ گرتووەکانی روژگاردا ناوێک و نیشانێکیان هەبێ،.

٢

دیمەنگای "ئەلتاش" لە یەکەم روانیندا لە شاروچکەیەکی بە ئانقەست دروستکراوی تاقمێک بەرێوەبەری بلیمەتی سینەمایی و فیلمسازی بە توانا دەچێت، کە خەڵکانێکی دەستپەروەردە و فێرکراو و هونەرمەندیان تێدا کۆ کردبێتەوە هەتا رووکاری ژیانێکی نزمتر لە سەدەکانی ناوەراست، یان حاڵ و هەوای دنیای "پاپیون"ی و "باراباس"ی بە تێکەڵەیەک لە کرگار و ژیانی ئەمرۆیی بو بینەران برەنگێنن. بەڵام بەداخەوە "ئەلتاش" ئەمرۆ لە سەرەتای هەزارەی سێهەمدا خەون و خەیاڵ نیە، فیلمنامە و سناریویەکی دەستکرد نیە. رەنجنامەیەکی راستەقینەیە کە تراژدیای ژیان تێیدا بەرادەیەک قوڵ و بەژان و دڵهەژێنە کە هەرگیز بە خەیاڵدا نایەت و تەسور ناکرێ.

"رومادیە" بۆخوی وڵاتێکی شۆرەکات و کەویرییە و هەر وەک لە نێوەکەیرا دیارە بە وڵاتی رمڵ و تەپوتوز و گژەبای بەردەوام ناسراوە، زور جار ئەمەش بۆتە دەردی سەر دەردان و ژیانی لە "ئەلتاش"نشینەکان تاڵ کردووە. بە تایبەت لە روژانی باران و تۆفانی رمڵ فەزایەکی لە رادەبەدەر

تاریک و ترسناک باڵ بە سەر "ئەلتاش"دا دەکێشێ، کە ئەوسەری دیار نیە. لە کەوێڵە قوڕین و بە حەسیر و گڵ داپوشراوەکانیدا زور بە زەحمەت باڵای مرۆڤێکی تێدا راست دەبێتەوە، ئەو کەوێڵانەی کە وەک دەستە باڵوکەیەکی بێ قەوارە و بەژن ناریک، تێکچڕژاو، یان بڵاوبڵاو لێرەولەوێ لە سەر سنگی رەقەن و شۆرەکات و دادڕدادڕی "رومادیە" کرێت و ناشرین چنراون. زور جار تەنەکەی ژەنگاوی و هەڵۆڵکراوی رونی "الراعی" و شیری "نیدو" کە لە ناو دیواری خواروخێچ و بە کڵۆ هەڵچندراودا جێگەیان بۆتەوە، رۆڵی پەنجەرەیان لە ئەستۆیە. بەتانی سەربازی نەخشی ناوبر لە نێوان ژورەکان یان سەردەرانەدا دەبینێ. هەڵبەت هی واش شک پێدەکردرێ کە بە دار و بزمار و ئاسنەواڵە و تەنەکەی رەنگاورەنگ دەرکەی بە ئاڵقەرێز و دولاییان ساز کردبێت و بەمجورە دیمەنگایەکی دیکەیان بە ماڵەکەیان دابێت.

دەفتەر و دەستەکی (U-N) کە هەفتەی یەک دوو جار چەند کارمەند و بەرپرسێک درگاکەی دەکەنەوە، بنە و بارگەی سەربازی و قەرەوڵگەی بەر دەروازە، دوو مزگەوتی شیعە و سوننی یەکان و یەک دوو ناوەندی بە ناو تەندوروستی تەنیا بینا و باڵەخانەی ئەم وڵاتەن کە هەست پێدەکری بە شاوەڵ و تەراز ساز کرابێتن. بۆری ئاو، خوار و خێچ و سواو، هەروا لە سەر عەرز راکێشراون و ئاوێکی سوێر و شیلەوتین دەگەیەننە گەرەک و شوێنە جوربەجورەکان، کە بۆتە مەکۆی هەڵا و هەنگامەیەکی سەیر و سەمەرە. کچان و کوران گۆزەڵە بە شان و تەنکە بە دەست لە سەر نۆرە ئاو لە هەراو هوریادان و تا شەوگار دادێ ئەم هەڵایە بەردەوامە. وایەرەکانی کارەبا تێکچرژاو و لێکهەڵبەستراو هەر وەک رایەڵە جاڵجاڵۆکە لە دار تێلەکانەوە، کە هەرە بەرزەکەیان بە دژواری سی میتر دەبێ، ئاوقای ژوورەکان کراون و لە نێوان خێزەرەی بن حەسیرەکانەوە خویان بو ژوور کوتاوە و تروسکە روناکاییەک دەخولقێنن. زۆر جار دەبێندرێ ئەم دارتێلانە، لە تاو پاڵە پەستێ و بن هەڵۆڵی بەلاداهاتوون، ها ئێستا ها ساتێکی دیکە بکەون و هەناسەیەکی بە ئاسودەیی هەڵکێشن.

لەم عەرزە نامویەدا دەرمان و خزمەتگوزاری تەندورستی، فێرکردن و تەنانەت خواردنی هاکەزاییش وشە گەلێکی نامۆن و بە هیچ جۆرێک روویان لەم ناوە نەکردووە. هەر وەک دەزانرێ عێراق بۆ خۆی لە گەڵ گیروگرفت و گەمارۆی ئابوورییەکی قورس بەرەورووە، کە تەنانەت خواردن و داودەرمانیشی گرتۆتەوە. ئەمەش قورساییەکی زۆری خستۆتە سەر شانی خەڵکی بێ دەرەتانی ئەم وڵاتە. ئاشکرایە لە بارودۆخێکی ئەوهادا دەبێ دانیشتوانی ئەلتاش لە چ حاڵێکدا بن و چی بکێشن. ئەو برە خۆراکە مانگانەیەی کە بەمان دەدرێ بە زەحمەت بەشی حەوتویەک دەکات، ئەو ئاردەی کە پێیان دەدن، تەنانەت بە خەڵکی عێراقیش(جگە لەم ئاخریانە کە گەمارۆکە برێک سوککراوە)پتر لە نیوەی ئاردی دەنکە خورمایە و نانێکی رەش و قورسی لێ دەردەچێ کە تەنیا لە سەردەمی وشکەساڵی و قاتوقرییدا پەنای بو براوە. خوێندن و بارهێنان نە شوێنێکی هەیە و نە قورساییەک، جگە لە چەند "پولێک" و کتێبخانەیەکی گچکە، کە ژمارەیەک لاوی بە هیممەت و دڵسۆز، خۆبەخۆ و سەربەخۆ سازیانکردووە و رۆژانە چەند کاتژمێرێک ژمارەیەک منداڵی تێدا کۆ دەکەنەوە و خۆیان خەریک دەکەن، هیچ بەرنامەیەکی دیکە لە گۆرێدا نیە. بەمجۆرە زۆربەی هەرە زۆری مناڵان و مێرمناڵان نەخوێندەوارن و سەریان لە خوێندن و نووسین دەرناچێ. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لەم ماوەی زەمانییەدا وەچەیەکی

تازه و پر ئەژمار لە ناو ئەم هەموو بێدادی و زۆرداریيەدا لە دایک بوون، وەچەیەک کە ئێستا هەتا نۆزدە و بیست ساڵان دەگرێتەوە و پێناسەی هیچ وڵاتێکیان لە گیرفاندا نیە، کەس خویان تێ ناگەیەنی و بە هاووڵاتی هیچ شوێنێک حساب ناکرێن، بەم حاڵەش هەر رۆژ ژمارەیان پتر دەبێ.

دوا بە دوای شەری کەنداو ناسنامەیەک بە کاسبکاری خێزانەکان دراوە و رێگەشیان پێداون لە "رومادیە" و دەوروبەرەکەی هاتووچوو بکەن، خۆ بە کارێکەوە خەریک و ژەمە نانێک بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن. بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆریان لە بەری بەیانەوە لە ماڵ وەدەر دەکەون و هەڵوەدای کارێک دەبن. ئەوانەیان کە شانیان هێنابێتی، کارێک دەبیننەوە و بە کەمترین حەقدەست هەتا تاریکان ئارەق دەرێژن و شان دەکوتن. ژمارەیەکیشیان بە رەنجبەری یاخود شوانی لە لای خێڵە عەرەبەکانی دەر و جیران بە بەرات و نانە سکی دامەزراون. ژمارەیەکیش لە مێرمنداڵان گوندەکانی دەوروبەر دەپشکنن، یان سەر لە خێوەت نشینە وشترلەوەرێنەکانی ئێرە و ئەوێ دەدەن و بە چەرچیيەتییەوە خەریکن، هەتا نانە سکییەک وەدەست بخەن. کەمیش نەبوون و نین ژمارەی ئەو کەسانەیان کە لەم هاتوچویەدا بێسەر و شوێن بوون و ناویان شۆراوەتەوە.

جگە لەو نەگبەتییانەی کە بە سەرچڵی باسی لێوەکرا، دەیان دەرد و سەدان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ناوخۆییش وەک: کێشەی تایفەیی و ژن و ژنخوازی و ئائینی(لە نێوان شیعە و سوننی و علی الهی) و تەنانەت کێشەی سیاسیش!! هەر رۆژ بە جۆرێک سەر هەڵدەدا و بۆتە سەرباری هەموو دەردێک و هەر روژ بە ژانتر چێوەختەی برینە تەشەنەگرتووەکان دەدا بۆ کولانەوەی پتر و سەرهەڵدانی دەیان نەخۆشی دەروونی و کۆمەڵایەتی بێ کۆتایی.

بەم حاڵەوە دەنگی مەزڵومانەی ئەم خەڵکە بێ دەرەتانە هەتا ئێستاش بە جێگەیەک نەگەیشتووە. دەوڵەتی عێراق وازی لێهێناون و مزگێنی داونەتێ کە هەر کات بیانەوێ و دەوڵەتی ئێران رێگەیان پێ بدا دەتوانن بگەرێنەوە وڵاتی خویان. کاربەدەستانی (U-N)یش جگە لە نەخشی دەلاڵانە وبەرژەوەندخوازانەی خۆیان چ کارێکی ئەوتویان لێنەهاتووە و لایەکی "خێر"یان لەو خەڵکە نەکردۆتەوە. تا ئێستا جگە لە ناردنی چەند نامەیەک بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی چەند چاوپێکەوتنێک لە نێوان کاردار و چەند پاسدارێکی جێگیر لە کۆنسولگەری ئێران لە عێراق، لە گەڵ کۆمەڵێک "دەمراست" و "موختاری" گەرەکەکانی "ئەلتاش" چی دیکەیان نەکردووە و هەتا ئێستاش ئەم هەنگاوانە چ قاوانجێکی بۆ ئەلتاش نشینەکان نەبووە.

لە بابەت هەڵوێستی ئێرانەوە ئەوەی کە هەتا ئێستا هەست پێدەکرێ ئەوەیە کە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە راستیدا نایانەوێ لە ئاست ئەم خەڵکەدا هیچ بەرپرسیارییەک بخەنە ئەستۆی خۆیان، هەتا ئێستاش جگە لە ساوەساو کردن و بە تەفرە بردن و ساختەچییەتی و گفتی دژ بە یەک، هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەیان بۆ سوککردنی ئازار و کوێرەوەری ئەم خەڵکە ئاوارەیە هەڵنەگرتووە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکان چەندان جار خۆیان داوای گەراندنەوە و راگوێزانەوەیان بۆ سەر شوێن و جێگەی خۆیان کردووە. داوایان کردووە ماڵوحاڵیان پێ بدرێتەوە، هەتا بتوانن لە سەر عەرز و ئاو و شوێنی کار و ژیانی راستەقینەیاندا خۆیان بگرنەوە. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەوانەی کە لە پێناو داڵغەی نەزوک و حەزی کۆنەپەرستانەیان

وڵاتێکیان لە خوێناو هەڵکێشا، بەو پەری بێ بەزەییەتیەوە هەتا ئێستا هیچ ئاورێکیان لەم داوایانە نەداوەتەوە.

هەڵسوکەوت و سیاسەتی دژ مرۆڤانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەم خەڵکە هەژار و پەرەوازە بووە یەک راستیتریش دەردەخات، ئەویش نەخشی ریاکارانەیانە لە جۆری بەرەورو بوونەوە لە گەڵ مەسەلەی "ئێرانیەکانی" دەرەوەی وڵاتە. ئەم جەنابانە بە شەندە و مەندەیانەوە، هەر لە" ئیسلاحخواز" هەتا هەمو جورەکانی دیکەیان لە بەر ئەوەی بەردەوام دڵیان بۆ دراو و دۆلاری ئێرانیەکانی دانیشتووی ئوروپا و ئەمریکا لێدەدات، دەم بە دەم و ناو بە ناو کەوتونەتە پارانەوە و لالانەوە کە بگەرێنەوە وڵاتی باو وباپیرانی خۆیان و وڵات ئاوەدان کەنەوە!!. یان ئەوەتا بۆ قوتارکردنی تروریستەکانی خۆی، تەنانەت هەندەرانییش وەک "ئەنیس نەقاش" لێرە و لەوێ لە سەر پێیە و ئامادەیە سەدان هەزار دۆلار خەرج بکات و بۆشیان بپارێتەوە و هەوڵیشیان بۆ بدات بەشکم چەند رەشەکوژێک لە گرتووخانەی فڵانە وڵات بێنە دەر. کەچی لە هەمان حاڵدا بێشەرمانە و رەزیلانە گوێیان لە ئاست داوا و ویستی عادڵانە و رەوای هەزاران مرۆڤی ئاوارە و گیرۆدەی شەر و لە گەڵ ئەوەیشدا "هاووڵاتی" کەر کردووە. ئەم هەزاران ئینسانە لێقەوماوانەش کەسانێکن کە تەنیا و تەنیا لە بەر سیاسەتی شەرخوازانە و ئاژاوەگێرانەی خودی ئەم زاتە موبارەکانەی کۆماری ئیسلامی پێوە بوون و ئەوها خراونەتە ناو بەرداشی شەرێکی بێ سەرەنجامی ماڵوێرانکار و نەرم نەرم دەهاردرێن.

ژیانی ئەم خەڵکە ئاوارەیە خۆی لە خۆیدا تراژدییەکی بە ژان و داخێکی گەورەیە، بەڵام جەرگبرتر ئەوەیە کە ژیان و بەسەرهاتی دڵتەزینی ئەم قوربانییە لە بیرکراوانە تا ئێستاش بەو جۆرەی کە ئەبێ لە بڵاوکراوەکانی دەرەوەی وڵاتدا دەنگدانەوەی نەبووە. ئەمە کەم و کورتییەکی گەورەیە و کەمترین چاوەروانی ئەوەیە کە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. دەبێ دەنگی ونکراوی ئەم قوربانییە بێ ناو ونیشانانە بە گوێی خەڵکی دیکە و بیرورای گشتی دنیا بگەیەندرێ. دەبێ بەرۆکی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بەم بابەتە گرینگ و ئاڵۆزە بگیردرێ و سیاسەتی ریاکارانە و تەفرەدەرانەیان لە قاو بدرێ. دەبێ ژیانی پر مەینەتی ئەم هەزاران ئینسانە ونکراوانە زیاتر و زورتر بخرێتە بەر باس و سەرنجی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز. ئەمە ئەرکێکی گەورە و گرینگە و دەبێ هەرچی زیاتر هەوڵ بدرێ بارێک لە سەر شانی ئەم ئازار چەشتووانە هەڵبگیردرێ. دەبێ کۆماری ئیسلامی ناچار بکردرێ زەرەر و زیانیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە و سەربەرزانە بیانگێرێتەوە سەر عەرز و ئاو و ماڵوحاڵی خۆیان . دەبێ "ئەلتاش" هەڵبگیردرێ و تەنیا وەک مشتێک لە خەرواری ئازارەکانی مرۆڤ لە ناو مێژووی دنیای زورداران و کونەپەرستان دا بمێنێتەوە..